# پێغەمبەرم بینی -صلى الله عليه وسلم- لەسەر پاژنەکانی پێی دانیشتبوو وخورمای دەخوارد

لە ئەنەسەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «پێغەمبەرم بینی -صلى الله عليه وسلم- لەسەر پاژنەکانی پێی دانیشتبوو* وخورمای دەخوارد». *(ئەم جۆرە دانیشتنە لە زمانی عەرەبیدا پێی دەووترێت -الإقعاء- ئەمیش ئەوەیە پێیەکانی لەسەر پەنجەکان لە ژێریەوە بوەستێنێت لەسەر زەویدا وپاشان بە هەردوو لایەکانی سمتی لەسەر پاژنەکانی پێی دابنیشێت)

[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

ئەنەس -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پێغەمبەرم بینی -صلى الله عليه وسلم- لەسەر پاژنەکانی پێی دانیشتبوو* وخورمای دەخوارد، ئەمیش بۆ ئەوە بوو زۆر خواردن نەخوات وخێرا هەستێت، چونکە لەم حاڵەتەدا مرۆڤ زۆر نامێنێتەوە لە دانیشتنەکەیدا وئەمیش وا دەکات کە زۆر نەخوات. *(ئەم جۆرە دانیشتنە لە زمانی عەرەبیدا پێی دەووترێت -الإقعاء- ئەمیش ئەوەیە پێیەکانی لەسەر پەنجەکان لە ژێریەوە بوەستێنێت لەسەر زەویدا وپاشان بە هەردوو لایەکانی سمتی لەسەر پاژنەکانی پێی دابنیشێت)

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/4296